

دانـــەر

**نامە نامۆكان**

نامەی هەشتەم

سەردەمێکە بە جێت هێشتووم !بیرم نایە چەنێك لە كات تێپەڕیوە..بەس هەموو ساتێك هەستم بەوە كردووە بێ تۆیی چۆن دڵی منی وێران كردووە !..هەتا ئەم ساتەش ئاگام لەبوركان و بوومەلەرزەكانی دڵمە، خاك و ئاسمانی دڵمت سەرەو ژێر كرد..ئاخ چ قیامەتێكە ئەویٚ ! تۆ چەن بێ پەروا بوویت! تۆ چیت كرد بە عەشق!ئاخر تكام لێ كردی هەوڵ مەیە قفڵە ژەنگاوی یەكانی دەرگای دڵم بشكێنیت..تكام لێ كردیت نەیەیتە ئەو سنورە لێرە خۆشەویستی نامۆیەكە كەس لە زمانی تێ ناگات ..

بێ تاقەت مەبە ئەزانم خەریكە ئەگریت  ئاخر كوا لە خەیاڵەكانی منا فرمێسك ئەبینرێت ! یان بیرت چووە كە هەناسەكانم هی تۆ بوو,, بیرت چووە كە هەر فرمێسكێكت تیشكێكی خۆر بوو  ئێستا لەسەر گۆناكانم بەستوویەتی.. بەڵێ ئێستا خەندەكانی مناڵیشم بیر نایەتەوە گومان ئەكەم تۆ بڵێ ی جارێك من پێكەنی بم!

هاوڕێ تەنها ئەمویست وەڵامی ئەو پرسیارەم بەیتەوە ئەگەر جارێكی تر منت نەبینی یەوە بیر لە چی ئەكەیتەوە ؟! ئەگەر جارێكی تر ئەو ڕێكەوتە هەرگیز ڕووی نەیا ..ئەو كاتە لە ڕۆژمێرا بوونی نەما ئەگەر سبەینێ هەر نەهات ئەگەر هەر بێ ئاگا بوویت لە مەست بوونم لە ون بوونم... بیر لە چی ئەكەیتەوە!

وشەكانت بوون بە جێگەی سەرسوڕمان ..هەر لە یاخی بوونی زەمەنی من ئەچێت ..هەر لە نۆتەی لێدانەكانی دڵی من ئەچێت ..هەر لەو پروشەی بەفرانە ئەچێت  كە لە ئاسمانا لەگەڵ سەمای بایا بە سەرلێشێواوی ئەمێننەوە و نازانن ڕوو بكەنە كوێ!

ئەی  خەیاڵە برۆنزی یەكە تۆ لە كوێ ی؟! وتم بەجێم مەهێڵە هەمیشە لەلام بمێنەرەوە ..بەڵام ڕۆیشتی !.. كەواتە وەرە جیام كەرەوە لە خۆت..نامەوێت ئیتر بیر لە بەڵێنەكانت بكەمەوە ،نامەوێت گومان لە نهێنی یە جوانەكان بكەم.. ئیتر دڵنیابە تۆم لە بیر ناچێتەوە ..پڕ بە دڵ نزا ئەكەم ئەمشەو دوا شەوی ژیانم بێت..

بتەوێت یا نا دوایین چركە هەر یت ..دوایین بڕیار ئەكەوێتە سەردەمی موعجیزەكان ..ئەها جیاوازی لەنێوان كەسێكی عاشق و كەسێكی ئاسایی هیچ بوونێكی نی یە .. لەبەرئەوەی عەشق هیچ وجودێكی نی یە !بە داخەوە ئەوە  لەم سەدەیەدا تەنها وشەیەكەو هیچی تر ..!

داهاتوو  لە تەمەنی خۆی بێزارە ئەو نایەوێت تەنانەت یەك هەنگاوی تر  بنێت ،ڕابردووش زۆر خێرا تێپەڕی بە شێوەیەك لە دوا ساتدا خۆی بۆ نەدۆزرایەوە..پێناسەی ئێستاش تەنها پێكێكە بەڵام هاوڕێ پێكی ئەمشەو تامێكی تری هەیە ڕەنگێكی تری هەیە هەرلە شەرابەكانی بەهەشت ..ببورە لە شەرابەكانی جەهەنەم ئەچێت..!

ئەوكاتانەی تەنیایت پێ بەخشیم من یاخی بووم  نەك لە مرۆڤەكانی دەوروبەرم تەنانەت لە تۆو لە خۆشم ! ئومێد ئەكەم ئاسودە بیت لە ژیانت ئەگەر قەدەرەكانیش ئێخەیان گرتوویت ئەوەیان تەنها خۆت تێ ی ئەگەیت لە بیرت بێت دڵی من پڕە لە بەفر وەك سەهۆڵ بەندانەكانی سیبریا وایە هەر لە خەونەكانی تۆ ئەچێت...

دانـــەر